**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: 23**

**مێژووی بڕیار: 2014/9/30**

## بڕیاری

## ناونانی پارێزگای هەڵەبجە بە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراق

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (56) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (3)ی ڕۆژی 2014/9/30 ئەم بڕیارەی دا:

**یەکەم:** پارێزگای هەڵەبجە پایتەختی ئاشتی کوردستان ـ عێراقە.

**دووەم:** لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆنفراس و کۆڕ و کۆبوونەوە و مەراسیمی تایبەت بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و پەیامی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەو پارێزگایە ساز دەکەن و، حکومەت بودجەیەکی تایبەتی ساڵانە بۆ ئەم مەبەستە دیاری دەکات.

**سێیەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران سەرجەم ئەو پێداویستیانە مسۆگەر بکات کە پایتەختی ئاشتی دەیخوازێت.

**چوارەم:** پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن و پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی دەربکەن.

**پێنجەم:** کار بە هیچ دەقێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارەدا ناکرێت.

**شەشەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)ـدا کاری پێ دەکرێت.

### هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو کەمکردنەوەی لێکەوتەی تاوانەکانی جینۆساید لەسەر قوربانیانی پارێزگای هەڵەبجە و گەیاندنی پەیامی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە کوردستانەوە بۆ جیهان، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**